## کارتێکەریی سیاسی و ئابووری لەسەر شۆڕشی زانستیی

زانست پێویستییەکی گرنگ و پربەهای بە ئەزموونی تاقیکارییەکان بۆ پێشکەوتوویی هەیە. هەروەها ئەو پێشکەوتووییە بەستراوەتەوە بە هاوکاری نێوان بوارەکانی زانست، سیاسەت و ئابووری. ئەنستیتۆی سیاسی و ئابوورییەکان کانزا سرووشتییەکان فەراهەم دەکەن، کە بە بێ ئەوانە پشکنینی زانستیی نامومکین دەبێ. لە وەڵامدا زانست چەشنە هێزێك پێك دێنێ کە کانزای نوێ دەخوڵقێنێ کە ئەویش بە نۆبەی خۆی هەمیسان بۆ پشکنین و تاقیکارییەکانی داهاتوو کەڵکی لی وەردەگیرێ.

بۆچی لە سەردەمی نوێ زۆربەی مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زانست دەتوانێ هێزێکی نوێی بۆ پێك بێنێ؟ هاوکاریی نێوان زانست، سیاسەت و بارو دۆخی ئابووری چلۆن پێك دێ؟ لەو بەشەدا هەوڵ دەدەین تایبەتمەندییەکانی زانستی نوێ ڕوون کەینەوە. لای کەم دوای شۆڕشی ناسین، مرۆڤ هەست بە پێداویستیی لازم بۆ حاڵیبوون لە ئونیوێرسام دەکا. پێشینیانی ئێمە کاتێکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ لێحاڵیبوون لە سروشت . بەڵام داب و نەریتی زانستیی مودێرن خۆی لە سەردەمی پێشوو بەهۆی سێ تایبەتمەندی گرنگ جیا دەکاتەوە:

1. دان بەسەر دانان لەسەر کێشەی نەزانی کە ئەمڕۆ زانستی مودێرن لەو بار و دۆخەدایە کە قامك لەسەر خاڵە لاوازەکانی دادەنێ و ناتوانێ هەموو زانیارییەك بە تەواو و ڕاست دانێ. تەنانەت هەنگاوێکیش زیاتر هەڵدێنێتەوە و دەڵێ: ئەو زانیارییانەی ئەمڕۆ باوەڕمان پێی هەیە بەهۆی زانیاری و تاقیکاریی نوێ دەتوانێ هەڵوەشێتەوە و بە هەڵە دەرچێ. هیچ تیئۆری یاخود بیرکردنەوەیەك بۆ هەمیشە نییە و دەتوانێ پووچەڵ کرێتەوە.
2. گرنگایەتی دان بە تەوەرەکانی ماتماتیك واتە بیرکاری و چاوەدێری کردن. سەرەڕای دان پێدانان بە کەمبوونی زانیاریی، زانستی مودێرن هەوڵ دەدا زانیاری نوێ کۆ کاتەوە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە، چاوەدێرییەکان و تاقیکارییە کۆکراوەکان لەگەڵ زانستی بیرکاری گرێ دەدا و ڕاست و ناڕاستبوونی تیئۆریەکانی پێ دەسەلمێنێ.
3. گرنگیدان بە لێهاتوویی نوێ. زانستی مودێرن تەنیا بەوە ڕازی نابێ کە تێئۆریی دروست کا، بەڵکوو لەو تێئۆرییانە بۆ پێکهێنانی لێهاتوویی نوێ کەڵك وەردەگرێ.

شۆڕشی زانستی، شۆڕشی زانین نەبووە، بەڵکوو لە پێش هەمووشتێکدا شۆڕشێك بووە دژ بە نەزانین و کەم زانیاریی مرۆڤ. مەزنترین دەسکەوتی شۆڕشی زانستی

ئەو ئەزموونە بووە کە ئێمەی مرۆڤ بیسەلمێنین، ڕاستیەکانمان لە دەستدا نییە و لەسەر پرسیارە سەرەکییەکانی ژیان هیچ وەڵامێکمان بە دەستەوە نییە.

پێش زانستی نوێ، لە لایەن ئایینەکان و باوەڕە هەمەڕەنگەکانی ئەم جیهانەوە ئەو پرسیارە گرنگانەی لەسەر ژیان دەبوو بزانرێ، زانراوە و هەموو شتێك لە لایەن خوداکانیانەوە بەهۆی کتێبە پیرۆزەکان و گوتە وەحیکراوەکانیان بۆ مرۆڤ ڕوون و دیاری کراونەتەوە و مرۆڤ لەو ڕادەیەدا نییە دەست لە کاری خوداکان وەردا و وەڵامی پرسیارەکانی ژیان بۆخۆی بدۆزێتەوە.

ئەو هەڵس و کەوت و داب و نەریتانە دوو چەشن نەزانی بەدواوە بووە: **یەکەم** مرۆڤی ئاسایی جا بە هەر هۆیەك بووبێ بە باشی ئاگای لە یاساکان نەبووە و دەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی لە مرۆڤی عالم پرسیار بکات. مرۆڤی ئەو سەردەمە هیچ پێویستی و نیازێکیان بە دۆزینەوەی پرسیاری نوێ نەبووە. لەوانەیە هەر بۆشیان گرنگ نەبووە کە مرۆڤ و مێژووی پێکهاتنی دنیای دەوروبەری چلۆن و لە کوێوە بووە. **دووهەم** ئەو بابەت و تەوەرانەی لە ژیانی مرۆڤدا باسی لێوە دەکرا و خوداکان لە ڕابردوودا لە نووسراوەکان و گوتەکاندا باسیان لێوە نەکردبوو، بە گرنگ نەدەزانرا. ئەگەر مرۆڤی سەدەی ناوەڕاست ویستبێتی بزانێ جاڵجاڵووکە چلۆن دەتەنێ، چونکە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسی لێوە نەکراوە، بە پرسیاری سەرەکی دانەنراوە و مرۆڤ بەو هۆیەوە تامەزرۆیی بۆ زانین لەخۆی نیشان نەداوە. وەڵامیان ئەوە بووە: گرنگ ئەوەیە کە خودا خۆی دەزانێ کە جاڵجاڵووکە چلۆن دەتەنێ. ئەگەریش کەسێك ویستبێتی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کارە بکات دەبوو ئاگای لێبێ کە ئەزموونی کارەکەی دژ بە ئایین و باوەڕ نەبێ. سەرەڕای گوشاری ئایینیەکان هەمیشە مرۆڤ لە کۆمەڵگاکاندا هەبوون کە پرسیاری سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ داڕێژن و مرۆڤە عالمەکان وەڵامیان بۆیان نەبێ. لە زۆربەی ئەو بارودۆخانەدا پێشیان بە پرسیار کەرەکان گرتووە، کێشەیان بۆ دروست کردوون و بە تاوانی مرۆڤی بێ دین و کافر تووانیان کردوون. بۆ وێنە لە ئایینی ئیسلامدا "محەمەد" خۆی بە ئاخرین پێغەمبەر داناوە و لایەنگرەکانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕاستییەکانی ژیانی پێ ڕاگەییندراوە و هەر مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە دەبێ پەیرەوی لێ بکەن.

بە پێچەوانە، زانستی مودێرن هەڵس و کەوتێکی تەواو جیاوازی بۆ وەرگرتن و دۆزینەوەی زانیاریی نوێ هەیە، ئەگەرکوو ئەوانیش نەیانتوانیوە تا ئەوڕۆ وەڵام بۆ هەموو پرسیارەکانی ژیان بدۆزنەوە. "داروین" خۆی بە ئاخرین زانیاری بیۆلۆژیکی نەزانیوە و هیچکات ئەو ئیدعایەی نەبووە کە ئەو بە تەنیا پەرجۆی ژیانی دۆزیوەتەوە. سەد ساڵ دوای ئەویش هێشتا زانایان نازانن چلۆن هەستی خۆ

ناسینی مرۆڤ لە مێشکدا پێک دێ. هەر وەها فیزیکزانان دان بەوە دادەنێن کە ناتوانن بە تەواوی تەقینەوەی مەزن ڕوون کەنەوە، یا چۆن کوانتن میکانیك لەگەڵ تێئۆری ڕەوایی ئەنشتاین بخەنە ژێر چەترێکەوە. مەزنترین جیاوازی نێوان ئایینەکان و زانستی مودێرن ئەوەیە: بەهۆی زانیاری نوێ تیئۆرییەکان دەسەلمێندرێن، یاخود وەلا دەنرێن. بە ڕاشکاوی دەبینرێ کە ئەندامانی کۆمەڵگاکانی مودرنی ئەمڕۆیی ئەو کراوەییە لەخۆیان نیشان دەدەن قامك لەسەر نەزانی خۆیان دابنێن و بۆ تێگەییشتن لە چۆنیەتی پێکهاتنی ژیان دنیای دەوروبەر تامەزرۆیی بۆ مێتۆدە زانستییەکان لەخۆیان نیسان بدەن.

درێژەی هەیە...